کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22-5-2007 14:01

## پەرلەمان هەمو کێشەکانی چارەسەرکرد تەنها ئوتومبیلە حکومیەکان ماوە!!! ... مەریوان نەقشبەندی

(28) پەرلەمانتار داوا دەکەن هاتوچۆی ئوتومبیلەکانی میری لەرۆژانی پشوو و دوای دەوامی رەسمی قەدەغە بکرێت، ئەمە تازەترین هەڵوێست و بەرنامەی پەرلەمانی کوردستانە، بەراستی بەزەییم بە میللەتی کورددا دێتەوە ئەگەر دڵیان بەم نوێنەرانەیان خۆش بێت، ئەری براینە تۆ بڵێی ئەو (28) پەرلەمانتارە ئاگایان لەو بریارەی حکومەتی کوردستان نەبێت کە نزیکەی (10) مانگە بە ئیمزای جێگری سەرۆکی حکومەت کاك (عومەرفەتاح) دەرچوە و تیایدا بەبی مۆڵەت سورانەوە و کارکردنی ئوتومبیلە حکومیەکانی قەدەغە کردوە؟! یان لەوانەیە لەرێگای ئەم داواکاریە بیانەوێت بەبی ئیحراجکردن بە حکومەت بڵێن کە بریارەکانتان جێبەجی ناکرێت و تەنانەت پیاوانی حکومەتیش بە بریارەکانی حکومەتی کوردستان پابەند نابێت،



رەنگە ئەو (28) پەرلەمانتارە (خەمخۆرە) پێیان وابێت مەسەلەی قەدەغەکردنی هاتوچۆی ئوتومبیلەکانی حکومەت دوای دەوامی رەسمی هەموو کێشەکانی میللەتی کورد چارەسەر دەکات و لەگەڵ راوەستانی ئوتومبیلەکانی حکومەت. مادەی (140) جێبەجی دەبێت و تورکیا لە هەرەشەکانی پەشیمان دەبێتەوە و دەستبەجی هێزەکانی لەسنووری هەرێمی کوردستان دەکێشێتەوە و کێشەی کارەبا چارەسەر دەبێت و گەندەڵی لەناو دامودەزگاکانی حزب و حکومەتتدا نامێنێت و ئەو سی وەزارەتەی کوردستان کە هێشتا بەدووکەرتی ماون، دوای ئەم پێشنیارە یەکدەگرنەوە و پرۆژە سەقەتەکان وەك پرۆژەکانی (لاس فیگاس) ی ئەمریکایان لێدێت و رۆتین و حزبایەتی لەناو دامودەزگا حکومیەکاندا نامێنێت و هەرەشەی تیرۆرستان لەسەر هەرێمی کوردستان نامێنێت و یاسای نەوت لە عیراقدا بەدڵی سەرکردایەتی کورد و سستمی لاوازی پەروەردە لەکوردستاندا هەمووی بەیەکەوە چارەسەر دەکرێت،

برادەرێکم پێی گوتم هۆکاری سەرەکی ئەو بەخەبەرهاتنە درەنگ وەختەی ئەو (28) پەرلەمانتارە دوای ئەوەیە پەرلەمانتارانی کوردستان هەریەکەیان پارەی ئوتومبیلێکی شەخسیان بەدیاری پێشکەشکرا و بۆ بەکارهێنانیش نیە بەڵکو بۆ شەخسی خۆیانە و ژمارەی پەرلەمانیش لە ئوتومبیلەکانیان نادەن و قابیلی لێپێچینەوە نابن ئەگەر دوای دەوامی رەسمی لەسەیرانگاکانی کوردستان بینران،

داوا لە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەکەم ئەم پێشنیارەی (28) پەرلەمانتارە خەمخۆرەکەی کوردستان بخاتە دەنگدان و بیکاتە بریارێکی ئیلزامی و ئەگەر کرا بکرێتە برگەیەك لە دەستووری کوردستان و وێنەیەکی بدرێتە نەتەوەیەکگرتوەکان تا بزانن پەرلەمانتارانی کوردستان چەند دڵسۆزن بۆ میللەتەکەیان.

naqshbandy@gmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.